## Eneyclopaedia Iranica

من بە دوای ناوی بۆکاندا سەرەتا چوومە سۆراغی ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلام. چاپی تازەی ئەو دائرةالمعارفه لە ژێر ناوی بۆکاندا هیچی نەنووسیوە. گەرچی ئەگەر هەڵە نەکەم لە چاپە کۆنەکانیدا بابەتێک لەژێر ناوی "بۆکان" هەبوو و مینۆرسکی نووسیبووی. هەرچۆنێک بێت ئەوە ئێستا نییە، بەڵام دەبێ دواتر بگەرێمەوە سەری و بزانم لە ژێر ناوی "کورد" یا "ساباڵاغ" یا "ماننا" و "ماد" و بابەتی دیکەی ئەوتۆدا باسی بۆکان چۆن کراوە. ئەوە هەڵدەگرم بۆ دواتر.

باسی ئەم جارە م لەسەر ئیرانیکایە کە بە زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا دەردەچێت و دوکتۆر "احسان یارشاطر" سەرپەرشتی چاپی دەکات. لە ژێر ناوی Bukan دا، بەرگی چوارەمی ئیرانیکا بابەتێکی تێدایە کاک دوکتۆر ئەمیری حەسەن پوور نووسیویەتی و ئەوەش وەرگێراوەکەیەتی بە کوردی (زۆرم کورت نەکردۆتەوە) :

بۆکان بەخشی مەهابادە [بابەتەکە پێش ١٩٨٩ نووسراوە]، سێ دیهستانی هەیە: ئەختاچی بۆکان (بە٤٨ گوند و ١٦٠٦٠ دانیشتوانەوە، بیهی (بە ٦٢ گوند و ١٦،١٧٧ دانیشتوەوە) و تورجان (بە ٢٨ گوند و ٧،٥٤٨ کەسەوە). [دیارە دوای ساڵی ١٣٤٢(١٩٦٣) دیهستانی تورجان لەسەر بۆکان نەماوە و کەوتۆتە سەر سەقز، بەڵام سەرچاوەکانی بەردەستی کاک ئەمیر ئەوەیان دەرنەخستوە]. خەڵکەکەی بە کوردی سۆرانی قسە دەکەن و لە گوندەکان بە کشت و کاڵەوە خەریکن.

ناوی بۆکان تا سەردەمی قاجار لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتوە. دوای لە ناوچوونی شازادەکانی موکری، ئاغاکانی دێبوکری (لە ئەختاچی، بیهی و شاروێران) سەریان هەڵدا – کە دوژمنی سەرسەختی شازادەکانی موکری بوون. بۆکان، سەرەرای بچووک بوونی ناوچەکەی، دەورێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی ناوچەکە دا بینیوە، حوجرەی فەقێ و خانەقای شێخەکان (بۆ نموونە، لە تورجان) شوێنی پەروەردەی خوێندەواران بوون.

بۆکان چالاکانە لە کۆماری مەهاباد دا دەوری بینیوە. چاپخانەی لێبوە و کتێب و گۆڤاری لێ چاپ کراون. شەس ساڵ دواتر، شارەکە بو بە ناوەندی راپەرینێک کە باڵی کێشا بۆ ئوستانە کوردنشینەکانی تر، وەرزێران ئاغاوەتیان وەدەرناو و لە بۆکان دەوریان دان. بەڵام سوپای ئێرانی هاتە یاریدەی ئاغاکان و راپەرینەکەی بێ بەزەییانە تێک شکاند. خەڵکی بۆکان بەشداری شۆرشی ١٣٥٧[٩ ١٩٧]ی ئێرانیان کرد و هەروەها لە بزووتنەوەی دوای شۆرش بۆ خودموختاری کوردستان دەوریان بینی.

Encyclopaedia Iranica , Vol. IV

Edited by Ehsan Yarshater

Routledge ?? Kegan Paul

ISBN: ۰۷۱۰۰۹۱۳۲X